JCL
Journal of the College of Languages
Open Free Access, Peer Reviewed Research Journal
http://jcolang.uobaghdad.edu.iq
Est.1994
P-ISSN: 2074-9279
E-ISSN: 2520-3517
2020, No.(41)
Pg.199-223

# هەڵە زمانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا (لە ڕوانگەی تیۆری شیکاری هەڵەییەوە)

# Linguistic Errors in second language learning through Error Analysis theory

**Asst. Professor Shakhawan Jalal Haji Faraj (Ph.D.):**
shakhawan.faraj@univsul.edu.iq
University of Sulimaniyah, College of Education
**Lecturer Aso Abdulrahman Karim:** asobabany98@gmail.com
University of Kirkuk, College of Education
**( Received on 5/11/2018 - Accepted on 30/7/2019 – Published on 2/1/2020 )**

## Abstract

Second language learner may commit many mistakes in the process of second language learning. Throughout the Error Analysis Theory, the present study discusses the problems faced by second language learners whose Kurdish is their native language. At the very stages of language learning, second language learners will recognize the errors committed, yet they would not identify the type, the stage and error type shift in the process of language learning. Depending on their educational background of English as basic module, English department students at the university stage would make phonological, morphological, syntactic, semantic and lexical as well as speech errors. The main cause behind such errors goes back to the cultural differences of the language learners. Other errors go back either to the spoken form of the second language itself or to the teacher teaching the second language.

**Keyword:** Linguistic Errors, second language, Error Analysis theory

# هەڵە زمانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا (لە ڕوانگەی تیۆری شیکاری هەڵەییەوە)

**پ.ی.د. شاخەوان جەلال حاجی فەرەج**
زانکۆی سلێمانی
کۆلیژی زمان

**م. آسو عبدالرحمن کریم**
جامعة کركوك
كلية التربية

**پوختە**

لە فێربوونی زمانی دووەمدا فێرخوازی زمانی دووەم دووچاری هەڵەی جۆراوجۆر دەبنەوە، بۆ ئەم مەبەستە (لە ڕوانگەی تیۆری شکاری هەڵەییەوە) لە هەڵەکانی فێرخوازی زمانی دووەم( ئینگلیزی) دەدوێین، کە زمانی یەکەمیان زمانی کوردییە. فێرخوازان لە سەرەتای فێربوونی زمانی دووەمدا درك بە هەڵەی فێربوونی زمانەکەیان دەکەن، بەڵام درك بە جۆر و قۆناغ و گۆڕانی جۆری هەڵەکان ناکەن. لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا فێرخوازان لە قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆدا بەتایبەتی لەبەشی زمانی ئینگلیزیدا بە پشتبەستن بە پاشخانی چەند ساڵی ڕابردوویان، کە زمانی ئینگلیزیان وەکو بابەتێکی سەرەکی خوێندووە، ئەوا شێوازی هەڵەی تریان تیدا بەدیدەکرێت، بەتایبەتی لە هەڵەی فۆنەتیکی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و واتا سازی و فەرهەنگی، هەروەها لە درکاندنیشدا هەڵەیان هەیە. سەرچاوەی ئەم هەڵەکردنانەش بۆ کاریگەری زمانی یەکەم، بۆ هەڵە پێشکەوتووەکان، کە لە خودی زمانی دووەم بەرهەم دێت، ئەو هەڵانەی سەرچاوەکەی بۆ سروشتی زمانی زارەکی، ئەو هەڵانەی لە فێرکارەوە ڕوودەدەن دەگەڕێتەوە.

**وشە کلیلییەکان:** هەڵە زمانییەکان، زمانی دووەم، تیۆری شیکاری هەڵەیی

## پێشەکی

ناونیشانی ئەم لێکۆڵینەوەیە: هەڵە زمانییەکان لە فێربوونی زمانی دووەمدا (لە ڕوانگەی تیۆری شیکاری هەڵەییەوە) تەرخانکراوە، لە هەڵەکانی فێربوونی زمانی دووەمی فێرخواز دەدوێین.

- **ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:** لە لێکۆڵینەوەکەدا بۆ شیکاری هەڵەی فێربوونی زمانی دووەمی فێرخوازن، ڕێبازی پەسنی و شیکاریی گیراوەتەبەر.

- **گرنگی لێکۆڵینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە کار بۆ دەستنیشانکردن و خستنەڕووی ئەو هەڵانەی فێرخوازی فێربووی زمانی دووەم دەکات، کە لە کاتی دەربڕیندا دووچاری دەبنەوە.

- **سنور و داتای لێکۆڵینەوەکە:** سنوری لێکۆڵینەوەکە لە ڕوانگەی کۆزمانەوانییەوە دەڕوانێتە سەر تەواوی پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەم. لەم سۆنگەیەوەش داتاکانی لێکۆڵینەوەکە لە (قۆناغی دووەم و سێیەمی بەشی زمانی ئینگلیزی- کۆلیژی پەروەدە بۆ زانستەمرۆڤایەتییەکان- زانکۆی سەلاحەدین)- هەولێر وەرگیراون.

**-بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:** لێکۆڵینەوکە لە چواربەشی سەرکی پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا ئەو هەڵانەی سەرچاوەکەی بۆ زمانی یەکەم دەگەڕێتەوە خراونەتەڕوو ، کە لە پارەکانی بە شەکەدا چوونەناویەکی

دەنگی، چوونەناویەکی سینتاکسی، چوونەناویەکی مۆرفۆلۆژی، چوونەناویەکی فەرهەنگی-0-
باسکراون. لە بەشی دووەمدا هەڵە پێشکەوتووەکان ، کە لە خودی زمانی دووەم بەرهەم دێت و پارەکانی لە زێدەڕۆیی و گشتاندن بۆ هەندێك لە یاسا ڕێزمانیەکان، پێوانەی هەڵە لەسەر یاسای پێشوو، گریمانەی هەڵە، نەزانینی یاساکان و بە هەڵە بەکارهێنانیان، ڕاهێنان و بەکارهێنانی یاسا ڕێزمانییەکان خراونەتەڕوو . لە بەشی سێیەمدا ئەو هەڵانەی سەرچاوەکەی بۆ سروشتی زمانی زارەکی دەگەڕێتەوە ، بەپێی پارەکانی نەخشەی ئاخاوتن، جێەجیکرن، باسکراون. لە بەشی چوارەمدا ئەو هەڵانەی لە فێرکارەوە ڕوودەدەن باسکراون.

سەرچاوەی ڕوودانی هەڵەی زمانی پەیوەستە بەچەندێتی توانا و چالاکی و ئەندازەی زیرەکی و چۆنیەتی بەئاگایی فێرخواز لە بابەتی فێربوونی زماندا .(کاتێك تاك لە قوتابخانەدا فێری زمانی دووەم دەبێت، سروشتەکەی هەر چۆنێك بێت لەبەرامبەر دوو سیستەمی زمانی جیاوازدا خۆی دەبینێتەوە، سیستەمی زمانەکانیش لە هەندێك بەش و ئاست لەیەك دەچن)[1]. ئەم لەیەکچوون و جیاوازیەش وادەکات فێرخواز بکەوێتە نێو هەڵەی جۆراوجۆرەوە، بۆیە دەکرێت سەرچاوەی هەڵە زمانیەکانیش بە پێی سەرچاوە و هۆکارەکانی پۆلبکەین.

**1) ئەو هەڵانەی سەرچاوەکەی بۆ زمانی یەکەم دەگەڕێتەوە:**

زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی بلۆمفیلد و کراشن و وینرایچ (Blomfild, Craschen, Weinreich) ئاماژە بەوەدەکەن فێربوونی زمانی دووەم لە قوتابخانەدا زۆر کاریگەرە بە زمانی یەکەم ، بەجۆرێك وا لە فێرخواز دەکات، بە بەردەوامی بکەوێتە نێو هەڵەوە، ئەو کاریگەریەش لەسەری کۆدەبێتەوە وا دەکات لە کاتی فێربوونی زمانی دووەمدا تووشی گرفت ببێت، چونکە تاك خاوەنی کۆکراوەیەکە لە زانیاری و کۆزانین و شێوازی دەربرین، بەدرێژای ساڵانی سەرەتای تەمەنی لە چوارچێوەی خێزان و ئەو کۆمەڵەی تیایدا ژیاوە، کە فێریانبووە و وەریگرتوون. ئەم هۆکارانە لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا بەشێوەی چونەناویەك لەکاتی لێکچووندا دەبێتە هۆی دروستبوونی هەڵە.

لەلای زۆربەی پسپۆرانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لەکاتی فێرکردنی زمانی دووەمدا، زمانی دایك بەشێوەیەکی بەرچاو و قووڵ کاریگەری لە سەر زمانی دووەم هەیە، لەبەر ئەوەی بۆشاییەکی قووڵ لای فێرخوازانی زمانی دووەم هەیە. (زمانی یەکەم لە مێشکی فێرخوازدا وەکو مۆر چەسپاوە، بۆیە ئەستەمە فێرکار بتوانێت لەکاتی پرۆسەی فێربووندا چاودێری تەواوی ئەو مۆرانە بکات)[2]. بە لەبەر چاوگرتنی ئەوی هەر چەندە زمانی یەکەم جیاواز لە زمانی دووەم بێت، بەڵام (هۆکارە بۆ پێگەیشتنی زمانێکی تر، چونکە فێرخواز لەسەر زمانێك ڕاهاتووە و یارمەتی دەدات زمانێکی تر دەربڕێت)[3]. لێرەدا هەڵەکانی ئەم پارە بەپێی ئاستەکانی زمان دەخەینەڕوو.

**1/1) چوونەناویەکی دەنگەکان(Interference Phonology)**

سیلین (Celyne) لە بارەی چوونەناویەکی دەنگەکان دەڵێت ((بریتییە لە چوونەناویەکی دەنگەکان، یان چوونەناویەکی پیتی زمانێك لەگەڵ زمانێکی تر، واتە بەکارهێنانی دەنگێکی زمانێك نزیك لە زمانێکی تر.))[4]. بۆ نموونە پیتی (R)ی ئینگلیزی لە زمانی فەرەنسیدا بەدەنگی [ غ] دەردەبردرێت.

چوونەناویەکی دەنگەکان لە فێربوونی زمانی کوردی بۆ زمانی ئینگلیزی و بە پێچەواوەش لە ئینگلیزی بۆ کوردی، دیاردەیەکی فۆنۆلۆژی زمانەکانە، بەجۆرێکی هەڵەی فێربوونی فێرخوازی زمانی دووەم هەژماردەکرێت و دەچێتەوە سەر کاریگەری زمانی یەکەم لەسەر زمانی دووەم، وەکو پیتی (th) لە زمانی ئینگلیزی بە دەنگی [ ذ ] گۆدەکرێت، بەڵام فێرخوازی کورد کاتێك ئەم دەنگە دەخوێنێتەوە

ئەوا بە [ ز] دەیدرکێنێت وەك وشەی (the)، هۆکارەکەشی بۆ کاریگەری زمانی یەکەمی دەگەڕێتەوە, هەروەها دەنگی [ث] لە زمانی ئینگلیزی لەلای زۆربەی فێرخوازانی کورد لەکاتی گۆکردندا دەگۆردێت بۆ دەنگی [ س] وەك وشەی (thank).

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستە بە زمانی یەکەم(ئینگلیزی) |
|---|---|
| 1-ب کوپەکە(پیاڵە) پڕە لە چا. | 1a-The Cup is full of tea. |
| 2ب- ئەوان یاریان کردبوو. | 2a -They had played |
| 3ب- زەوی بەدەوری خۆردا دەخولێتەوە | 3a-The earth moves a round the Sun. |

ئەم دیاردەی هەڵەییە لای فێرخوازی ئینگلیزیشە (زمانی یەکەم) بۆ زمانی کوردی(دووەم) بەدیدەکرێت، چونکە یاسای فۆنۆلۆژی زمانی هەریەکەیان بۆ ئەوەی تریان جیاوازە و بەخودی تایبەتمەندی زمانەکەوە پەیوەستە، بۆ نموونە ئاخێوەری زمانی کوردی پیتەکانی (ح ، ع ، ق) بەهەمان فۆرم بە دەنگی [ح ، ع ، ق] گۆیان دەکات ، بەڵام لای فێرخوازی زمانی ئینگلیز(دووەم) پیتەکانی(ح ، ع ، ق) بە فۆرمی جیاواز و بەخوێندنەوە و گۆکردنی جیاواز بەکاردێت ، وەك: پیتی (ح- H، ع- A-U ، ق-Q) و بە دەنگی [ H ، A -U، Q ] گۆیان دەکات. وەك:

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستە بە زمانی یەکەم(ئینگلیزی) |
|---|---|
| 4ب- عەلی لە باخچەکەیە. | 4a- Ali in the garden. |
| 5ب- محەمەد دەتوانێت بڕوات. | 5a- Muhammad can go . |
| 6ب- قارەمان /خونچە لە هەولێر دەژێت. | 6-a Qaraman / Khuncha lives in Hawler. |

ئەو گرفت و ئاستەنگیانەی لە فێربووندی زمانی دووەمدا دێنەئاراوە لە سەرتای تەمەنی منداڵیدا ڕوونادات، بەڵکو (بە بۆچوونی هەر یەك لە بلۆمفیلد(Benfield) و رۆبێرتس(Roberts 1959) و لینبێرگ (Lenneberg1967) ئەم جۆرە ئاستەنگییە لە فێربوونی زمانی دووەمدا پاش تەمەنی 12 ساڵی توشی منداڵ دەبێت، ئەنجامی هۆکارەکەی فیسیۆلۆژییە، چونکە مێشکی منداڵ لە سەرەتای تەمەنیدا لاستیکییە، بەڵام لە تەمەنی پێگەیشتوو‌ییدا وانامێنێت، بەڵکو مێشکی پێگەیشتوو بەتایبەتمەندی و جێگیریی ناسراوە، ئەمەش وا دەکات فێربوونی دەنگە نوێیەکان ئەستەم بێت)[5]. بەپێی زۆربەی لێکۆڵینەوە دەنگییەکان منداڵ لەتەمەنی منداڵییەوە، کە فێری زمانی دووەم دەبێت ئامێرە دەنگیەکانی نەرمییەك وەردەگرێت و وادەکات لەگەڵ دەنگە نوێیەکاندا بگونجێت، بە پێچەوانەی پێگەیشتووەوە، بەهەمان شێوە سکۆڤل (Scovel 1969) دەڵێت: ((زاڵبوونی مێشك لە تەمەنی 12 ساڵییەوە ڕوودەدات و تێردەبێت و بە توانای هەڵسوران و دەربرینی دەنگی زمانی دووەمی ڕادەوەستێت، ئەم ماوەیەش لە فێربوونی زمانی دووەمدا بە ماوەی تەنگی (تەسك) ناو دەبرێت.))[6] بۆچوونی جۆرج(George)) لە بۆچوونەکانی تر جیاوازە، چونکە پێی وایە (ئەم هەڵە و ئەستەمییەی زمان، ناتوانیین بیگەڕێنینەوە بۆ جووتزمانی، لەبەر ئەوەی هەمان هەڵەی دەربڕین لەلای کەسیکی خاوەن یەك زمانیش ڕوودەدات)[7].

## 2/1) چوونەناویەکی سینتاکسی (Interference syntaxes):

بریتییە لە بەکارهێنانی زمانێك بە قاڵب (Matrices) و سیستەمی ڕێزمانی زمانێکی تر، وەك (وشە و مۆرفیمی تایبەت بە مێ و نێر و بێلایەن، مۆرفیمی تاك و کۆ)، بەڵام بەپێی زمانێك چوونەناویەکی سینتاکسی تێداڕوبدات، (بە پێی یاسای ڕێزمانی هەر زمانێك هەرچەندە سیستەمی زمانی ئاڵۆز بێت، ئەوا پرۆسەی دەسەڵاتداری درێژدەبێتەوە)[8]، جۆرێکی تری چوونەناویەکی بریتییە لە (ڕێکخستنی ڕستە ،

ئەگەر هاتوو جیاوازی گەورە لە نێوان زمانی یەکەم و زمانی دووەمدا هەبوو، ئەوا چوونەناویەك گەورە تردەبێت، بەڵام ئەم جۆرە هەڵەیە لە ئاخاوتنی منداڵدا کەمتر دەردەکەوێت)[9].

هەڵەی نموونەی ئەم جۆرە، بەشێکی بۆ قاڵب و سیستەمی جیاوازی نێوان زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی دەگەڕێتەوە، چونکە فێرخوازی کورد کاتێك دەیەوێت بە زمانی دووەم(ئینگلیزی) بدوێت و ڕستە بەرهەم بهێنێت، ئەوا بەهەمان سیستەمی زمانی دایکی ڕستەی زمانی دووەم دادەڕێژێتەوە، جیاوازی سیستەمی زمانەکەش بەم شێوەییە:

زمانی کوردی سیستەمەکەی پێکدێت لە (بکەر (کارا)+ بەرکار+ کار) S+O+V

زمان ئینگلیزی سیستەمەکەی پێکدێت لە (بکەر + کار + بەرکار) S + V + O

هەریەك لە زمانەکان بە سیستەمی تایبەتمەندی ڕێگا پێدراوی خۆی هەڵسوکەوت لەگەڵ وشە دەکات و پەیوەندییەکانی وشەکە دەخاتەڕوو. وشە ڕیزبوون لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا بە سیستەمی زمانەکەیانەوە پەیوەستەن، بە جۆرێك وشە ڕیزبوون لە زمانی کوردیدا، کە ڕۆنانی سەرکی (بکەر + کار + بەرکار) S + V + O لە خۆدەگرێت وە لە زمانی ئینگلیزیشدا، پێچەوانەکەی ڕیزبوونی کەرستەی (بەرکار + کار)ی زمانی کوردیە، کە پێکهاتووە لە (بکەر + کار + بەرکار) S + V + O .

بۆیە لە فێربوونی زمانی دووەمدا گرنگیدان بە کەرەستەکان پێویستە، چونکە (بەهۆی ئەم یاسایانەوە لە ڕستەی زمانەکە دەگەین، ئەگەر بمانەوێت واتای ڕستە بگۆڕین ئەوا تەنیا بەهۆی گۆڕینی شوێنی وشەکانەوە دەبێت.)[10]. لە فێربوون و بەکارهێنانی زمانی دووەمدا گۆڕینی شوێنی کەرەستەکانی ڕستە دەبێت بە پێی یاسا و سیستەمی زمانەکە بێت، نەك لەسەر سیستەمی زمانی یەکەم(دایك) بێت، لەبەر ئەوەی هەڵەی زمانیی لەم جۆراوجۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت:

**أ- پێشکەوتنی بەرکار پێش کار:**

بۆنموونە فێرخوازی زمانی دووەم بۆ دروستکرنی ڕستە پێویستە لەسەر بنەمای زمانەکە(ئینگلیزی) شوێنی کەرستەکانی نێوان بەرکار و کار دابڕێژێت، هەر لادانێك لە سیستەمی زمانی دووەم، پاش و پێشخستنی کەرەستەکان دێنێتە ئاراوە، واتە هەڵەی زمانیی لە فێربوونی زمانەکە نیشاندەدات. بۆزیاتر تێگەشتن، با لە نموونەی ئەم ڕستانە بڕوانیین:

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی) |
|---|---|
| 7ب- من بۆ قوتابخانە دەچم. | 7a-I go to school . |
| 8ب-من نامەکە دەنووسم. | 8a- I write the letter. |
| 9ب- ئاراڵ قەڵەمەکە دەکڕێت. | 9a -Aral is buying the pen. |

ئەگەر لە داتا وەرگیراوەکانی ئەم لێکۆلینەوەیە بکۆڵینەوە ، دەبینیین ئەو داڕشتنانەی فێرخوازەکان لەسەر بنەمای هەڵەی شیکاری لە جۆری ڕۆنانە کردویانە ، کە پاش و پێشخستنی کەرستەی (بەرکار و کار)ە لەسەر لێکدانەوە و تێگەشتنی فێرخوازانە بۆ زمانی دووەم، واتە سیستەمی زمانی یەکەمیان لەسەر سیستەمی زمانی دووەم داڕێشتووەتەوە، بۆیە کەوتوونەتە هەڵەی زمانییەوە و (کاریان پێش بەرکار) خستووە بەم شێوەیە:

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم(ئینگلیزی) |
|---|---|
| 10ب- من بۆ قوتابخانە دەچم. | [10] *10a-I to school go. |
| 11ب- من نامەکە دەنووسم. | *11a-I the letter write . |
| 12ب- ئاراڵ نامەکە دەکڕێت. | *12a- Aral the pen is buying . |

**ب- ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستە بە ناتەواوی:**

ئاخێوەری ڕەسەنی هەر زمانێك پەیوەست بە سیستەمی زمانی دایکییەوە، لە ڕێکخستنی کەرستەکانی پێکهێنانی ڕستەدا شارەزا و لێهاتووە، بە جۆرێك لە ڕووی ئەکادیمییەوە بەشێکی زۆری ئاخێوەری زمانەکە لە تەواوی ئەو وردەکاری و دانان و ڕێکخستن و بەکارهێنانە بێئاگان و لە ژینگەی کۆمەڵەوە وەریانگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر هەر هەڵەیەکی زمانیی لەلای ئاخێوەری زمانەکە، یاخود ئاخێوەری زمانی دووەم ڕوویدات، بە سانایی و بە ڕوونی دردەکیپێدەکەن.

لەمەڕ ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستەدا، ئاخێوەری ڕەسەنی زمانی ئینگلیزی لە داڕشتن و ڕێکخستن و دەربڕیندا تەواو و دروستن، وەك لە نموونەی ڕستەکانی(13 بۆ 15) دەخەڕێنەڕوو:

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی) | |
|---|---|---|
| 13ب- ئەسپەکە سوور بوو. | 13a- The horse became red. | 14ب- |
| ئاراڵ گۆشتەکەی | 14a- Aral ate the meat | 15ب- شنە هات. |
| | 15a - Shna came. | |

هەمان ئەو ڕستانەی لە نموونەکانی(13 بۆ15)دا هەیە، کاتێك لەلایەن فێرخوازی زمانی دووەمەوە دادەڕێژرێت و دەخرێتەڕوو، ئەوا شێوەی نموونەی ڕستەکانی (16 بۆ 21)ی لێ بەرهەم دەهێنرێت، وەکو:

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم |
|---|---|
| 16ب- ئەسپە کە سوور بوو. | *16a- The horse red became. |
| 17 ب- ئەم ئەسپەکەسووربوو. | *17a- The is horse became red. |
| 18ب- ئاراڵ خواردبوو گۆشت | *18a-Aral eatined meat . |
| 19ب- ئاراڵ دەخوات گۆشت. | *19a-Aral it the ate meat . |
| 20ب- شنە هەیە هات. | *20a-Shna have came . |
| 21ب- شنە بوو هات | *21a- Shna is cam. |

بە تێڕامان و سەرنجدان لە نموونەی ڕستەکانی (16 بۆ 21)دا، کە پەیوەستە بە ئەنجامی داتای تێگەیشتنی فێرخوازی زمانی دووەم، لە شیکاری هەڵەییدا ئەوە بەدیدەکەین فێرخوازان لە ڕێکخستنی کەرەستەکانی ڕستەدا ئەو توانایە باش و شیاوەیان بۆ زمانی دووەم نییە، یاخود ڕەنگدانەوەی زمانی یەکەم کاریگەری لەسەر زمانی دووەمیاندا هەیە وە ئەو کۆزانیاریانەی زمانی دووەم دەبێت وەکو پێویست لەگەڵیاندا هەبێت، نییانە، یاخود هەشبێت ئەوا لاواز و کەمن، بۆیە دەکەونە هەڵەی زمانییەوە و ڕستەکان بە ناتەواوی دروستدەکەن و بە ناچاری لە هەر شوێنێکدا بۆیان بلوێت کەرستەکانی ڕستە دادەنێن، جا کەرستەکان تەواوبن، یاخود ناتەواوبن.

**پ- بەکارهێنانی ئامرازی پەیوەندی بە پێی سیستەمی زمانی یەکەم.**

ئامرازی پەیوەندی لە هەر زمانێکدا گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، چونکە جۆری بەستنەوەی کەرستەکانی ڕستە دیاریدەکات. ئامرازی پەیوەندی هێزێکی زۆر دەخاتە سەر فێرخوازی زمان بۆ ئەوەی ئامرازەکانی پەیوەندی وەکو کەرستەیەکی پربایەخی فێربوون تەمەشابکات، هەروها بەبێ ئامرازی پەیوەندی ئاستی تێگەیشتن و بەکارهێنان و دەربڕینی ڕستە لاواز و ناتەواو دەبێت، لەبەر ئەوە فێربوون و زانینی شوێنی گونجاوی ئامرازی پەیوەندی فێربوونی زمانی دووەم خێراتر و دەوڵەمەندتر

دەكات. بە تێڕوانینمان لە ئاخێوەری زمانی ئینگلیزی ئامرازەكانی پەیوەندی لە نموونەی ڕستەكانی (22 ، 23)دا بە دروستی بەم شێوەیە بەكاریدەهێنن:

واتای ڕستە بە كوردی ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەكەم(ئینگلیزی)

22ب- ئەو بەشەمەندەفەرەكە گەشتی كرد. 22a-She /He travelled by train.

23ب- ئێمە لە هەولێر ژیاین. 23a -We lived in Hawler.

فێرخوازانی زمانی دووەم لە كاتی دەربڕیندا ناتوانن ئەو ڕستانەی، كە ئاخێوەری زمانی یەكەم لە نموونەی ڕستەكانی (22، 23)دا دەریان بڕیوە وەكو خۆی دەسەڵاتیان بەسەردا بشكێت و دەریببڕن، بۆیە لەو نموونانە لادەدەن و نموونەی ڕستەكانی (24 بۆ 34) لێ بەرهەم دەهێنن. وەك:

ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم

*24-She /He by travelled train .

* 25- She /He on travelled train .

*26- We in lived Hawler.

* 27-We lived of Hawler .

*28-We lived on Hawler.

*29-We lived and Hawler .

*30-We lived about Hawler .

*31-We lived between Hawler .

*32-We lived behind Hawler .

*33-We lived in front of Hawler.

*34-We lived above Hawler .

بە تێرامان لە داتای فێرخوازانی زمانی دووەم ئامرازەكانی پەیوەندی شوێنی دروست و شیاوەی خۆیان لە دەستدەدەن، ئەویش بۆ هۆكاری كاریگەری زمانی یەكەمی فێرخوازان دەگەڕێتەوە، بە جۆرێك ڕۆنانی ڕستەكانیان ڕۆناوە، شوێن و جۆری ئامرازەكانی پەیوەندیان لە شێوەی زمانی یەكەم پەیڕەوكردووە، وەكو لە نموونەی ڕستەكانی (24 بۆ 34)دا ڕوون كراوە تەوە.

### (3/1) چوونەناویەكی مۆرفۆلۆژی (Interferences morphology):

جۆرێكی ترە لە جۆرەكانی چونەناویەك لەكاتی فێربوونی زمانی دووەمدا، ئەم جۆرەش پەیوەندی لەگەڵ سینتاكسدا هەیە. ساپیر (Sapir 1926) دەڵێت((چوونەناویەكی مۆرفۆلۆژی ڕوودەدات، ئەگەرچی هەندێك جار شێوەی وەكو خۆی دەمێنێتەوە.))[12]، بەڵام وینرایچ (Weinreich) بۆچوونەكەی پێچەوانەی ساپیرە و دەڵێت ((چوونەناویەك سینتاكسی مۆرفۆلۆژیش لە خۆ دەگرێت و كارلێكدەكەن))[13] . كەواتە دەتوانیین بڵێین بۆچوونی ساپیر ڕاستە، ئەگەر هاتوو زمانەكان لە یەك خێزانە زمان بوون و لەڕووی ڕێزمانی و مۆرفۆلۆژییەوە هاوشێوە بوون، بەڵام ئەگەر هاتوو لێك جیاواز و دووریش بوون، ئەوا چوونەناویەك ڕوودەدات. نموونە بۆ ئەم جۆرە وەك: كاریگەری یاسای كۆ لە سەر تاك، كاتێك فێرخوازێك ڕستەیەك دەردەبڕیت دەربارەی (دوو منداڵ لە باخچەكەیە)، دەڵێت (منداڵەكان چوونە ناو باخچەكە) ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ڕستەیە لە ڕاستیدا ئاماژە بە ژمارەی دوو منداڵ ناكات، بەڵكو بە كۆ ئاماژەی پێكردووە، ئەوەش جیاوازیەكی زۆر دروستدەكات لە نێوان دوو زمانی لێك جیاواز، بۆیە چوونەناویەك لە نێوان زمانەكاندا دروستدەبێت. وەك:

واتای ڕسته به كوردی ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی)

35ب- یەك كوڕ دەخوێنێت. 35a-One boy is studying .

36ب- دوو كوڕ یاری تۆپی پێ دەكەن. 36a-Two boys are Playing football.

له ئەنجامی داتای فێرخوازەكانەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، فێرخوازی زمانی دووەم، لەسەر بنەمای زانیاری پێشوویان دەڕوانن‌ە مۆرفیم(نیشانە)كانی تاك و كۆ، بۆیە لە شیكاری هەڵەییدا، ئەم جۆرە هەڵانە بەزەقی دەردەكەون، سەرەتا با بڕوانینە ئەم ڕستانە:

ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم

* 37-One boy studying.

*38-Two boy are playing football.

*39-Two boys  playing football .

له نموونەی (37)دا دەردەكەوێت فێرخوازان بەدەر لە نیشانەی (is)ی تاك، بە واتای گەیاندنی تاك ڕستەكەیان داڕێشتووە, هەروها لە ڕستەی(38)دا فێرخوازان لەسەر بنەمای زمانی یەكەم بۆ تەوای ڕستەكە تەنیا یەك مۆرفیمی كۆیان داناوە، ئەویش (are)ە بەبێ (S)ی نیشانەی كۆ.

له ڕستەی(39)دا بە پێچەوانەی ڕستەی(38) بەدەر لە مۆرفیمی(are)ی كۆ، تەنیا مۆرفیمی (s)ی كۆ دانراوە، لە ڕاستیدا بۆ ئەوی هەڵە ڕوونەدات بەپێی تایبەتمەندی زمانی دووەم دەبێت هەردوو مۆرفیمەكە لە ڕستەكەدا هەبێت.

**4/1) چوونەناویەكی فەرهەنگی (Interferences lexical):**

ئەم چوونەناویەكە (وەرگرتنی واتا، یان وشەی زمانێكە و بەكارهێنانی لە زمانێكی تردا، بە مەبەستی دووركەوتنەوە لە پەككەوتنی وشە.)[14] ، بە واتایەكی تر ئەم جۆرە هەڵەییە (وەرگێرانی نادروستە لە زمانی یەكەمەوە بۆ زمانی دووەم، یان بەكارهێنانی وشەیە بەرامبەر بە وشەیەك، كە هاوواتانیین، واتە وشەیەك هەڵدەبژێرێت و بەكاریدەهێنێت، بەرانبەر وشەیەك لەگەڵ واتای مەبەستدا هاوواتانییە)[15] ، یاخود وشەیەك لە زمانی دایك زۆر بەكاردێت فێرخواز وا هەستدەكات دەتوانێت بۆ زمانی دووەمیش بەكاریبهێنێت بۆ نموونە وشەی (شێر) لە ڕستەی(40أ)دا:

40أ- ئازاد وەكو شێرە.

وشەی شێر لەم ڕستەیە (40أ) دا، بە واتای ئازا و قارەمان دێت، لەكاتی بە كارهێنانی ئەم وشەیەدا بۆ زمانی دووەم نا دروستدەبێت،چونكە هەمان واتا ناگەیەنێت و ڕستەكە لەلای فێرخوازی زمانی دووەمەوە بەم شێوەیە دادەڕێژرێتەوە :

40b- Azad is as like as lion .

یاخود وشەكە لەبنەڕەتدا لە زمانی دووەمە، فێرخواز بە كاریگەری واتا و فەرهەنگی زمانی یەكەمی خۆی دووچاری هەڵە دەكات و لە نێو ڕستەدا بەكاریدەهێنێت.وەكو وشەی (sweet) لە فەرهەنگی زمانی ئینگلیزیدا واتای شیرین دەگەیەنێت، ئەگەر لە ڕستەیەكی وەكو ڕستەی (41)دا هات ئەوا بە واتای جوانی دێت، نەك بە واتای شیرین.

واتای ڕسته به كوردی ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی)

41ب-سوپاس بۆ وشە جوانەكانت. 41a- Thank you for your sweet words.

بەڵام فێرخوازی زمانی دووەم، بە تێروانینی وشەی فەرهەنگی زمانی یەكەمی لێیدەڕوانیت و لێكیدەداتەوە، بۆیە هەڵەی فەرهەنگی دووچاری هەڵەی زمانی دووەمی دەكات و بە شێوەی نموونەی ڕستەی (42ب) دایدەڕێژێتەوە:

لێکدانەوەی فێرخوازی زمانی دووەم رستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم (ئینگلیزی)

42ب- سوپاس بۆ وشە شرینەکانت . 42a-Thank you for your sweet words.

لە زماندا بە شێوەیەکی گشتی چوونەناویەك بابەتێکی سرکە و کۆنترۆڵکردن و دەستنیشانکردنی لەلایەن فێرخوازەوە تێرامان و وردبینییەکی چڕی پێویستە، چونکە چوونەناویەك پەیوەست بە فەرهەنگ و کلتورەوە لە نێوان ئەو وشانەی دەربڕینیان لێك نزیکە ڕوودەدات. فێرخوازی زمانی دووەم لە نێوان دوو فەرهەنگ و کلتور زمانی جیاوازدا دەشێت پێشینەی کۆزانین و کۆزانیاری زمانی یەکەمیان دەسەڵاتیان بەسەر شارەزای و زانیاری زمانە نوێیەکەدا بشکێتەوە و کاریگەری لەسەر دروستبکات. لە نموونەی ڕستەکانی (43 ، 44)دا ئەوە بەدیدەکەن:

43- پیاوەکە مرد.

44- سەگەکە تۆپی.

هەر یەك لە وشەکانی (مرد ، تۆپی)، ئەگەر چی لە زمانی کوردیدا هەر دووکیان بە واتای گیان لەدەستدانی کۆتایی دێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هاوواتای تەواو نیین و هیچ کامێکیان لە بڕی ئەوەی تریان لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا بەکارنایەت، چونکە هەر یەکەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە و کۆمەڵی کوردەواری بە جیا بەکاریان دەهێنن، بەڵام لە زمانی دووەم(ئینگلیزی)دا بۆ هەردوو وشەکە، تەنیا وشەی (مرد) بەکاردێت و فەرهەنگی زمانەکەیان بەئاسایی ڕێگای بە دوبارەکردنەوکەیان لە شوێنی یەکتردا دەدات وە هیچ کێشەکی کۆمەڵایەتی و گرفتی زمانی بە داوی خۆیدا ناهێنێت. وەکو لە نموونەی ڕستەکانی (45 ، 46)دا ئاخێوەری زمانی یەکەم ئەم ڕستانە دەردەبڕێت:

لێکدانەوەی فێرخوازی زمانی دووەم ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم (ئینگلیزی)

45ب- پیاوەکە مرد. 45a-The man died.

46ب-سەگەکە تۆپی. 46a-The dog died .

بۆیە دەشێت بەشێك لەو فێرخوازانەی ئەم جۆرە چوونەناویەکییەی فەرهەنگی لە قۆناغی دەستپێکی فێربوونی زمانەکەدا بەلێهاتووی و شارەزای فەرهەنگی و کلتور لێکنەدەنەوە و بۆیان ببێت بە گوزارشتێك لە سەرسورمان! ئەمەش بۆ هەردوو زمان دروستە، چونکە لە کۆمەڵ و فەرهەنگی زمانی دووەم(ئینگلیزی)دا ئاژەڵی سەگ ڕێزێکی باش و گەورەی لێدەنێن وە لە کاتی ژیان سپاردنیدا وەکو مرۆڤ وشەی (مردن)ی بۆ بەکاردەهێنن، بەڵام لە فەرهەنگی کوردیدا بەهۆکاری کلتور و ئاینی و کۆمەڵایەتی... تاد . وشەی مردن بۆ مرۆڤ بەکاردێت و وشەی تۆپی بۆ ئەو ئاژەڵانەی، کە خواردنی گۆشتیان قەدەغەکراو (حەرام)ە وەکو سەگ و گوێدرێژ و پشیلە و....تاد بەکاردیت.

هەندێك لە هەڵەکانی فێرخوازانی زمانی دووەم بە دیدگرتنی سیستەمی ڕێزمانی زمانی دووەمە، بەمەش ناتوانن لایەنی کلتور و فەرهەنگی لەبەر چاوبگرن، بەو هۆییەوە دووچاری هەڵەی دارشتنەوەی گوزارشتکردن و دەربڕین دەبن. بۆ نموونە لە ڕستەی (a47)دا، کە ئاخێوەری زمانی ڕەسەن (ئینگلیز) دەریدەبڕێت، ئەم جۆرە هەڵەیە لەلای فێرخوازی زمانی دووەم بەدیدەکەین:

لێکدانەوەی فێرخوازی زمانی دووەم ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی)

47ب-مەیمون دەبارێت. 47a -Monkeys are rain.

ئەگەر لە داتا وەرگیراوەکانی فێرخوازانی دووەم وردبینەوە، درك بەوەدەکەین، ئەو هەڵانەی فێرخوازەکان کردوویانە سەرچاوەیان لە جۆری فەرهەهەنگ و کلتوری جیاوازەوە گرتووە، چونکە فێرخوازانی زمانی دووەم پەیوەست بە ئاین و کلتوری کۆمەڵی کوردەوارییەوە بە ئەستەم دەتوانن لە واتای ڕستەی(47)دا تێبگەن و لە کاتی پێویستدا دایبڕێژنەوە و بەکاریبهێنن.

لەڕاستیدا واتای وشەی (مەیمون) لە زمانی ئینگلیزیدا مەبەست لە ئاژەڵی(مەیمون) نییە، بەڵكو مەبست لە (باران)ە، بۆیە فێرخوازانی زمانی دووەم دەكەونە هەڵەوە و لە ڕوانگەی فەرهەنگ و كلتوری كوردەواری گوزارشت لە تێگەشتنی ڕستەكە دەكەن و نموونەی ڕستەی (48) یان (49) دروستدەكەن، یاخود هەردوو ڕستەكە دروستدەكەن، بەڵام لە زمانی كوردیدا ڕستەی (48) واتایەكی گشتی و پڕ واتاتری هەیە، ئەگەرچی هەر دەكاتەوە واتای ڕستەی (49)، بەڵام ڕستەی (49) تەنیا لای خەڵكیكی پێگەیشتوو بە تایبەت جووتیار بەكاردێت، وەكو:

48- باران دەبارێت.

49- رەحمەت دەبارێت.

ئاخێوەری زمانی یەكەم(دایك) خاوەنی فەرهەنگ و كلتوری تایبەت بەخۆیانن، بۆیە بەكارهێنان و داڕشتنی ئەم جۆرە ڕستانە بۆ فێرخوازی زمانی دووەم ئەستەمە و دووچاری كێشەی فەرهەنگی و كلتوری كردوون، لەبەر ئەوەیە فێرخوازەكان دەبێت لە پاڵ سیستەمی زمانەكە، تێڕامانییان بۆ فەرهەنگ و كلتوری ئینگلیزیش هەبێت.

### 5/1) چوونەناویەكی واتاسازی(Interferences semantic):

واتاسازی یەكێكە لە ئاستە گرنگەكانی فێربوونی زمانی دووەم وە ئەم ئاستە هەڵسوكەوت لەگەڵ بەكارهێنانی واتای وشەی زمانەكە دەكات، بۆیە بۆ فێرخوازانی زمانی دووەم گرنگە و دەبێت بە پێی پێوستی بۆ زمانەكە بایەخی پێبدەن، واتە یەكێكە لە بنەماكانی فێربوونی زمانی دووەم، لەبەر ئەوەی لە فێربوونی زمانی دووەمدا (بەكارهێنانی واتای وشەیە لە زمانێكی دیاریكراودا.)[16]، یان بەكارهێنانی واتای وشەی ئەم زمانە لە لایەن فێرخوازانییەوە. كاتێك فێرخوازانی زمانی دووەم لە هەندێك بارودۆخی دروستكردنی ڕستە، یاخود دەربڕیندا دووچاری هەڵوێستێك دەبنەوە و وشەیەكی گونجاو لە زمانی دووەمدا نا دۆزنەوە، كە پرواتا، یان واتاداربێت، ئەوا بە ناچاری پەنا دەباتە بەر زمانی یەكەم و وشەیەكی گونجاوی لێهەڵدەچنن و بەكاریدەهێنن. (گەڕانەوەی فێرخواز بۆ زمانی یەكەمی جۆرێكە لە پێویستی و پڕكردنەوەی كەموكوڕی لە زمانی دووەمدا.)[17] ئەم پەنابردن و قەرەبووكرنەوەیە لە زمانی یەكەمدا، خۆی لە خۆیدا جۆرێكە لە هەڵەی فێرخوازی زمانی دووەم، چونكە مەرج نییە هەموو جارێك ئەم كەموكوڕییە بە زمانی یەكەم پڕبكرێتەوە، چونكە (زۆربەی جار فێرخواز ئەم ڕێگایە بە شێوەیەكی میتافۆری بە مەبەستی قەرەبوكردنەوەی وشەیەكی نادیاری زمانی دووەم بەكاردەهێنێت.)[18] لە نموونەی ڕستەی (50)دا ئاخێوەری زمانی یەكەم(ئینگلیزی) ڕستەیەكی پڕ لە واتا و گوزارشتی لەم جۆرە دەردەبڕێت:

| واتای ڕستە بەكوردی | ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەكەم(ئینگلیزی) |
|---|---|
| 50ب-بزنەكە بە شاخەكەدا هەڵدەگەڕێت. | 50a-The goat climbs the mountain. |

فێرخوازی كورد كاتێك فێری زمانی دووەم (ئینگلیزی) دەبێت و دەیەوێت ڕستەیەكی وەكو نموونەی ڕستەی (50)ی ئاخێوەری زمانی یەكەم بەرهەم بهێنێت، ئەوا ناتوانێت و نموونەی ڕستەی (51) دروستدەكات، وەكو:

| واتای ڕستە بەكوردی | ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم |
|---|---|
| [19] ® 51ب- مەڕەكە بە شاخەكە دا هەڵدەگەڕ. | 51a-The sheep climbs the mountain. |

بەوردبوونەوە و تێڕامان لە نموونەی ڕستەی (51)، ئەومان بۆ ڕوون دەبێتەوە فێرخوازی كورد كاتێك فێری زمانی دووەم (ئینگلیز)ی دەبێت، وشەی (sheep) بەرانبەر بە وشەی بزن بەكاردەهێنێت،

ئەویش بە هۆی کەموکوری و لاوازی زانیاری لە زمانی دووەمەوە سەرچاوەدەگرێت، بۆیە فێرخواز پەنادەباتە بەر قەرەبووکردنەوەی ئەو کەموکورییە لە زمانی یەکەمیدا، چونکە لە زمانی یەکەمیدا وشەی (مەڕ) واتایەکی گشتی تری هەیە لە وشەی (بزن) بە شێوەیەکی گشتی بە واتای (مەڕ، یان پەز) دێت. (20)

**2) هەڵە پێشکەوتووەکان، کە لە خودی زمانی دووەم بەرهەم دێت:**

هەندێك هەڵەی زمانی هەیە، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خودی زمانەکە خۆی، نەك زمانی دایك، یان لە زمانێکی تر گواسترابێتەوە، ئەمەش کاتێك ڕوودەدات، کە فێرخوازی زمانی دووەم لەسەر زمانەکە ئەزموونێکی دیاریکراوی نییە، بەتایبەتی ئەو فێرخوازانەی زۆر ڕاهێنانیان لەسەر بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی بۆ کوردی، یاخود کوردی بۆ ئینگلیزی نەکردووە. ئەو هەڵانەی لە کاتی پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا بەدیدەکرێت بریتین لە:

**1/2) زێدە ڕۆیی و گشتاندن بۆ هەندێك لە یاسا ڕێزمانیەکان:**

بریتییە لە بەکارهێنانی ستراتیژی پێشوو بۆ شوێنێکی تر، واتە ئەو ستراتیژەی دەشێت لە بەکارهێنانی بۆ مەبەستێکی دیاریکراوی ڕێزمانی دروست و گونجاو بێت لە مەبەستێکی تردا دوبارە دەکەرێتەوە. بەم پێوەدانگە فێرخوازی زمانی دووەم ئەگەری هەیە، بکەوێتە هەڵەی زمانییەوە، چونکە (لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا هەندێك لەم ستراتیژیانە بۆ فێرخواز سوود بەخشە بۆ ڕێکخستنی ڕاستی یاسای ڕێزمانی زمانی دووەم، بەڵام هەندێکی تر سوود بەخشنیین و توانای جێبەجێکردنیان نییە)[21]. دەشێت ئەم دیاریدەی توانای جێبەجێ نەکردنەی یاسا ڕێزمانییەکان لای ئەو فێرخوازانە ڕووبدات، کە (بەهۆی ئەنجامی ئەزموونی زمانی خوێندراو خاوەنی بنەمایەکی نادروستن)[22]. نموونەش بۆ ئەم جۆرە وەك بە کارهێنانی مۆڕفیمی نەرێی (نا)، لەلای ئەو فێرخوازانەی زمانی دووەم، کە بنەمایەکی شیاو و دروستیان بۆ زمانی ئینگلیزی نییە، بێئاگایانە مۆرفیمێك، یان زیاتر ڕاستەوخۆ بۆ وشەکە, یان ڕستەکە زیاد دەکەن و بەکاریدەهێنن. بۆ ئەم مەبەستە با لە داتای وەرگیراوی نموونەی ڕستەکانی(52، 53)ی فێرخواز بڕوانیین:

| واتای ڕستە بەکوردی | ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم |
|---|---|
| 52ب- ئەو نەخێر هەرگیز ئۆتومبێلی لێنەخوڕیوە . | *52a-He has not never driven car |
| 53ب-ئەو نەخێر هەرگیز وێنەی نەگرتووە. | *53a-They have not never taken the pho. |

بە ڕوانینن و وردبوونەوە لە داتای وەرگیراوی فێرخوازەکاندا، ئەوە دەستنیشاندەکەین، فێرخوازانی زمانی دووەم لە نموونەی ڕستەکانی(52، 53)دا دووچاری هەڵەی دوبارەبوونەوەی مۆرفیمی نەرێی (not)بوون و ڕستەکانیان لە سیستەمی زمانی دووەمدا فۆڕمێکی ناڕێزمانیان وەرگرتووە، واتە بە بێئاگایانە دوو مۆرفیمی نەرێیان لە (not , never) بەدوای یەکتردا لە ڕستەکاندا بەکارهێناوە، بەڵام لە ڕاستیدا لە زمانی دووەمدا (ئینگلیزی)، هەرگیز لە ڕستەیەکدا دوو مۆرفیمی نەرێ بە دوای یەکتردا نایەت، چونکە وشەی (never) بە واتای مۆرفیمی نەرێ دێت، بۆیە پێویست بە مۆرفیمێکی تری نەرێی وەکو (not) ناکات. بۆ ئەم مەبەستەش بەڵگەی وەرگیراوی نموونەی ڕستەکانی (54، 55)ی ئاخێوەری ڕەسەنی زمانی یەکەم دەخینەڕوو:

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی) |
|---|---|
| 54ب- ئەو هەرگیز، ئۆتومبێلی لێنەخوڕیوە. | 54a-He has never driven car. |
| 55 ب- ئەوان هەرگیز، وێنەیان نەگرتوو | 55a-They have never taken the photo. |

**2/2) پێوانەی هەڵە لەسەر یاسای پێشوو:**

لەم جۆرە هەڵەکردنەدا، فێرخوازانی زمانی دووەم کاتێك فێری یاسای زمانێکی دیاریکراو دەبن، ئەوا لەسەر وەرگرتنی پێوانەیەك لە زمانە نوێیەکە، کە پێشتر چەند نموونەیەکی دیاریکراو و کەمیان لێوەرگرتووە و فێرکراوە، بە پێوەدانگی ئەم ئەزموونە کاڵە، بێ ڕەچاوکردنی یاسا و تایبەتمەندی جۆری وشە و کەرستەکانی دروستکرن و پێکهێنان و شوێن و چۆنیەتی گۆڕانی وشەیەك بۆ وشەیەکی تر، ئەوا هەموو بارودۆخەکانی ئەو ژینگەی گۆڕانە بەیەك پێوانە هەڵدەسەنگێنن و کێشیان دەکەن، لە ئەنجامدا لە سیستەمی دەستنیشانکراوی زمانەك لادەدەن و دووچاری هەڵە دەبنەوە.

لەم ڕوانگەیەوە بەڵگەی وەرگیراوی نموونەکانی(56، 57، 58 ،59 ،60) و نموونەی ڕستەکانی (61، 63،62)ی ئاخێوەری ڕەسەنی زمانی یەکەم دەخینەڕوو:

| واتای وشە بە کوردی | | ئاخێوەری زمانی یەکەم |
|---|---|---|
| 56ب- بچووك | بچووکتر | 56a-Small + er = smaller |
| 57ب- نزيك | نزیکتر | 57a- Near + er = nearer |
| 58ب-میهرەبان | میهرەبانتر | 58a- Kind + er = kinder |
| 59 ب- باو | باوتر | 59a- Common + er = commoner |
| 60ب- زیرەك | زیرەکتر | 60a- Clever + er = cleverer |

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم |
|---|---|
| 61ب-ئاراڵ لە ئارسی گەورەترە. | 61a- Aral is older than Arsi. |
| 62ب-شنە لە سارە زیرەکترە. | 62a-Shna is clever than Sara. |
| 63ب-ئاراڵ لە شنە نزیکترە. | 63a- Aral is nearer than Shna. |

بە تێگەیشتن و لێکدانەوە و بەراودکردنی داتا وەرگیراوەکانی فێرخوازانی زمانی دووەم بەراورد بە داتا وەرگیراوەکانی ئاخێوەری زمانی یەکەم ، ئەوەمان بۆمان دەردەکەوێت، ئەو لێکدانەوە و وەرگێرانە لەجۆری پێوانەکردنی یاسای پێشووە لە زمانە نوێیەکەدا کاراوە پەسند و دروستن. وەکو لە نموونەکاندا بۆمان ڕوون دەبێتەوە چۆن فێرخوازانی زمانی دووەم لەسەر بنەمای سیستەمی زمانی دووەم پلەی سادە بۆ پلەی بەراود دەگۆڕن ئەویش بە زیادکردنی مۆرفیمی (er) بۆ ئاوڵناوە سادەکە کراوە، وەکو لە نموونەکانی ئاوڵناوی (64 ، 65، 66، 67 ،68)دا نیشاندراوە:

| واتای وشە بە کوردی | | فێرخوازی زمانی دووەم |
|---|---|---|
| 64 ب- بچووك | بچووکتر | 64a-Small + er = smaller |
| 65 - ب- نزيك | نزیکتر | 65a- Near + er = nearer |
| 66ب- میهرەبان | میهرەبانتر | 66a- Kind + er = kinder |
| 67 ب- باو | باوتر | 67a-Common + - er = commonr |
| 68 ب- زیرەك | زیرەکتر | 68a-Clever + er = cleverer |

فێرخوازنی زمانی دووەم بە پەیڕەوکردنی هەمان ستراتیژ، کە لەسەر یاسای پێشوو ڕۆیشتوون تواناى ئەوەيان هەیە، بە دروستی نموونەی ڕستەکانی (61،62، 63)ی ئاخێوەری ڕەسەنی زمانی یەکەم لە داتای نموونەی ڕستەکانی (69، 70 ، 71) بەرهەم بهێنن، وەك:

واتای ڕستە بە کوردی ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم

69a- Aral is older than Arsi. 69ب-ئاراڵ لە ئارسی گەورەترە.

70a-Shna is clever than Sara. 70ب-شنە لە سارە زیرەکترە.

71a- Aral is nearer Than Shna. 71ب-ئاراڵ لە شنە نزیکترە.

ئەوەی لە نموونەکانی(64 ، 65، 66، 67 ،68)دا و ڕستەکانی(69، 70 ، 71)دا بەدیدەکەن، فێرخوازی زمانی دووەم، بەڕاستی و بە دروستی لەسەر سیستەمی زمانی دووەم نموونەکانی بەراوردکردووە و تێیدا سەرکەوتووبووە، واتە تێگەشتن و فێربوونێکی باشی لەم قۆناغەدا بۆ فێربوونی زمانی دووەم بڕیوە، ئەویش بەزیادکردنی مۆرفیمی (er)ە بۆ نموونەکان، بەڵام ئەم شارەزایی و فێربوونەی لەو قۆناغە زیاتر تێناپەڕێت، ئەگەر زیادشبکات، ئەوا لە قۆناغی داهاتوودا لاواز و سڕدەبێت، ئەویش بە لە بەرچاوگرتنی نموونەکانی (72،73 ، 74) و نموونەی ڕستەکانی (75، 76، 77)ی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی) بەدەردەکەوێت، وەك:

| واتای وشە بە کوردی | ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی) |
|---|---|
| 72ب- سەختتر | 72a- more + difficult = more difficult |
| 73ب- گرانتر | 73a- more + expensive = more expensive |
| 74ب-جیاوازتر | 74a- more + beautiful = more beautiful |

| واتای ڕستە بە کوردی | ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی) |
|---|---|
| 75ب-ژیان لە عێراق سەخترە لە ئەورویا . | 75a-Life in Iraq is more difficult than in Europe. |
| 76ب-زێر لە زیو گرانترە . | 76a- Gold is more expensive than silver. |
| 77ب-کچەکە زۆر جوانترە لە گوڵەکە. | 77a- The girl is more beautiful than the flower . |

فێرخوازانی زمانی دووەم کاتێك دەیانەوێت نموونەکانی (72 ،73 ، 74) و نموونەی ڕستەکانی (75، 76، 77))ی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی)، بەهەمان یاسای لەسەر ڕۆیشتوو بە زیادکردنی مۆرفیمی (er) پلەی ئاوڵناو بگۆڕێت ئەوا دەکەوێتە هەڵەی لەم جۆرەوە، وەك:

فێرخوازی زمانی دووەم

*78- difficult + er = difficulter

*79-expensive + er = expensiver

*80-beautiful + er = beautifuler

ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم

*81-Gold is expensiver than silver .

*82-Life in Iraq is difficulter than in Europe .

*83-The girl is beautifuler than the flower .

بە تێرامان وردبوونەوە داتای نموونەکانی (78 ، 79 ،80) و نموونەی ڕستەکانی (81، 82 ،83)ی فێرخوازانی زمانی دووەم، ئەومان بۆ دەردەکەوێت هەڵەی فێرخوازان لەوە وە سەرچاوە دەگرێت لە هەموو نموونەکاندا مۆرفیمی (er)یان وەکو پاشگرێك بۆ هەموو گۆڕانێکی ئاوڵناوی پلەی سادە بۆ پلەی بەراورد بەکاربهێناوە، ئەویش بە پەیرەوکردنی سیستەمی لەسەر یاسا ڕۆیشتوو دایان ڕێشتووەتەوە، بۆیە فێرخوازەکان کەوتوونەتە هەڵەی پێوانەی لەسەر یاسا ڕۆیشتوو. لە ڕاستیدا لە زمانی دووەم(ئینگلیزی) ئەم شێوازی بەراوردکرنە شێوازێکی جیاوازتر بەخۆیەوە دەبینێت ، چونکە پاشگری مۆرفیمی (er) وەرناگرن، بەڵکو دروستی ئەم بەراودکرنە لە بری پاشگر، پێشگری مۆرفیمی (more) وەردەگرن

وەکو لە نموونەکانی (72،73 ، 74) و نموونەی ڕستەکانی (75، 76، 77)ی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی) خرایەڕوو.

جۆرێکی تری هەڵەی فێرخوازانی زمانی دووەم خوگرتنە بە زیادکرنی مۆرفیمەوە ئەویش بە پەیرەوکردنی پێوانەی لەسەر یاسا ڕۆیشتوو، با بڕوانینە داتای نموونەکانی ( 84 ، 85، 86) و نموونەی ڕستەکانی (87 ،88 ،89)ی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی) وەك:

| واتای وشە بە کوردی | | ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی) |
|---|---|---|
| 84 ب- باش | باشتر | 84a - Good = better |
| 85ب-خراپ | خراپتر | 85a- Bad = worse |
| 86ب- هەندێك | زیاتر | 86a- Much = more |

واتای ڕستە بە کوردی — ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی)

87ب-پەرتووك لە هاوڕێ باشترە. — 87a-Book is better than friend.

88ب- کۆمەڵەیA لە کۆمەڵەیB خەراپترن. — 88a- The group A is worse than group B.

89ب- دانیشتوان لە هەولێر، زیاترە لە دهۆك.. — 89a- The population in Erbil is more than in Duhok.

فێرخوازانی زمانی دووەم کاتێك دەیانەوێت نموونەکانی ( 84 ، 85، 86) و نموونەی ڕستەکانی (87،88 ،89)ی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی) بەرهەم بهێنن، ئەوا بە پەیرەوکردنی پێوانەی لەسەر یاسا ڕۆیشتوو دووچاری هەڵەی لەم جۆرانەدەبنەوە، وەك:

نموونەی فێرخوازی زمانی دووەم

*90-Good + er = gooder

*91-Bad + er = bader

*92-Much + er = mucher

ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم

*93-Book is gooder than friend .

*94-The group A is bader than group B.

*95-The population in Erbil is mucher than in Duhok .

بە شیکردنەوە و وردبوونەوە لە داتای نموونەکانی (90 ، 91، 92) و نموونەی ڕستەکانی (93،94،95)ی فێرخوازانی زمانی دووەمدا، لە شیکاری هەڵەییدا ئەوەمان بۆ دەردەخات، هەڵەی فێرخوازان لە بەراوردکردنی وشە ئاوڵناویەکاندا تەنیا لە گۆڕانی ئاوڵناوی پلەی سادە بۆ پلەی بەراورد بە زیادکردنی مۆرفیمێك لە پێش، یان لە دوای وشەکەوە ناوەستن، بەڵکو ئەم جۆری هەڵەکردنە پەلدەهاوژێت بۆ هەڵەیەکی تر ئەویش سەرلێشوانی خۆیەتی بە زیادکردنی مۆرفیمێك. بەدروستی هەندێك ئاوڵناو هەن، کە هیچ پێویستیەکیان بەزیادکردن نییە، بەڵکو بەو ئاوڵناوانە دەوترێت ئاوڵناوە ناوێزەکان، وەکو لە داتای نموونەکانی ( 84 ، 85، 86) و نموونەی ڕستەکانی (87،88 ،89)ی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی)دا خراوەتەڕوو، بۆیە فێرخوازان لە هەموو بارودۆخ و قۆناغێکی فێربووندا ناتوانن سوود لەسەر یاسای ڕۆیشتووبین و دەیان خاتە نێو هەڵەی زمانییەوە.

**3/2) گریمانەی هەڵە:**

ئەم جۆرە هەڵەکردنە لەلای فێرخوازی زمانی دووەم ڕوودەدات وە (جۆرێکە لە هەڵەی پێشکەوتوو، لە گریمانەی هەڵەوە ، یان لە تێگەیشتنی نا دروستەوە بەرهەم دێت، لەبەر ئەوەی زمانی فێرخواز جیاوازە لە زمانی دووەمی ، ئەم هەڵەکردنەی فێرخواز دەشێت لە مۆرفیمەکانی ناساندن و ژمارە ڕووبدات)[23]. نموونەی ئەم جۆرە هەڵەیە وەکو کۆکردنەوەی ناو لە زمانی ئینگلیزیدا، لە زمانەکەدا مۆرفیمی(s) ڕۆڵێکی باڵای لە گۆڕینی ناو لە تاکەوە بۆ کۆ هەیە، وەکو لە داتای نموونەکانی (96، 97 ، 98)ی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی)دا دەردەکەوێت، وەك:

| واتای وشە بە کوردی | | ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی) |
|---|---|---|
| 96ب-پەرتووك | پەرتووکەکان | 96a-Book + s = books |
| 97ب-دەرگا | دەرگاکان | 97a-door + s = doors |
| 98ب-پێنووس | پێنووسەکان | 98a-pen + s = pens |

فێرخوازانی زمانی دووەم بە لەبەر چاوگرتنی داتای نموونەکانی (96، 97 ، 98)ی ئاخێوەری زمانی یەکەم، بۆ گۆڕینی ناو لە تاکەوە بۆ کۆ، تا بکرێت پەنا بۆ مۆرفیمی(s)دەبەن و مۆرفیمەکانی تری کۆکردنەوە لەبەر چاو نەگرن، یان فەرامۆشیان دەکەن، ئەویش لە سۆنگەی ئەم لێکدانەوە و هۆکارانە دێنەئاراوە، کە فێرخواز زۆر جار بە هۆکاری تێنەگەیشتنی تەواو و پێویست لە بابەتەکە، یان بە هۆکاری باش نەخستنەڕووی بابەتەکە لەلای فێرکەرەوە، یاخود بە گرتنەبەری گریمانەی هەڵە، بۆیە فێرخوازانی زمانی دووەم لە بنەڕەتدا پێیان وایە گرتنەبەرێکی گونجاو و دروستیان هەڵبژاردووە، لەبەرئەوە دووچاری ئەم جۆرە هەڵەیە دەبنەوە، وەکو لە داتای نموونەکانی (99 ، 100 ،101) و نموونەی ڕستەکانی (102 ، 103، 104)دا، ئەومان بۆ دەردەکەوێت:

| واتای وشە بە کوردی | | فێرخوازی زمانی دووەم |
|---|---|---|
| 99ب- کچ | کچەکان | 99a- girl + s = girls |
| 100 ب- دەرگا | دەرگاکان | 100a- door + s = doors |
| 101ب- بەرد | بەردەکان | 101a- rock + s = rocks |

| واتای ڕستە بەکوردی | ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم |
|---|---|
| 102ب- کچەکان یاری دەکەن. | 102a-The girls are playing. |
| 103ب- دەرگاکان داخراون . | 103a-The doors are closed. |
| 104 ب- بەردەکان گەورەن. | 104a-The rocks are big. |

ئەوەی لە داتای نموونەکانی (99 ، 100 ،101) و نموونەی ڕستەکانی (102 ، 103، 104)دا ، بەدیدەکەین، فێرخوازان لەسەر بنەمای دانان و زیادکردنی مۆرفیمی(s)ی کۆ، تێگەشتن و فێربوونیان بۆ ئەو نموونانە ڕاست و دروستن.

ئەوەی جێگای تێڕامانە ئەگەر هەیە، فێرخوازانی زمانی دووەم بە پەیڕەوکردنی یاسای زیادکرنی مۆرفیمی(s)ی کۆ لەسەر بنەمای گریمانەی گۆڕینی هەموو ناوێکی تاك بۆ کۆ دووچاری گریمانەی هەڵە ببنەوە، با لە داتای نموونەکانی (105 ، 106 ، 107) و نموونەی ڕستەکانی (108، 109 ، 110)ی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیز)ی ، بڕوانیین:

واتای وشە بە کوردی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی)

105a-box + es = boxes — 105ب- سه ندوق سه ندوقه‌كان

106a- watch + es = watches — 106ب-كاتژمێر كاتژمێره‌كان

107a- fez + es = fezzes — 107ب-كڵاو كڵاوه‌ك

ڕسته‌ی ئاخێوه‌ری زمانی یه‌كه‌م(ئینگلیزی) — واتای ڕسته به كوردی

108a- He puts the boxes . — 108ب-ئه‌و سه ندوقه‌كان داده‌نێت.

109a- He sales the watches . — 109ب- ئه‌و كاتژمێره‌كان ده‌فرۆشێت.

110a- Shna buys the fezzes. — 110ب- شنه كڵاوه‌كان ده‌كڕێت.

فێرخوارانی زمانی دووه‌م كاتێك ده‌یانه‌وێت ناوێكی تاك به كۆ بگۆڕن، وه‌كو داِتای نموونه‌كانی (105 ، 106 ، 107) و نموونه‌ی ڕسته‌كانی (108، 109 ، 110)، ئه‌وا فێرخوازان دووچاری هه‌ڵه‌ی له‌م جۆرانه ده‌بنه‌وه وه‌ك:

فێرخوازی زمانی دووه‌م

*111- box + s = boxs

*112- watch + s = watchs

*113- fez + s = fezs

ئه‌وه‌ی تێبینی ده‌كه‌رێت، له داتای نموونه‌كانی (111 ، 112 ،113)دا، فێرخوازانی زمانی دووه‌م ڕاسته‌وخۆ مۆرفیمی(s)ی كۆیان بۆ ناوه‌كان زیاد كردووه، به‌بێ ره‌چاوكردنی جیاوازی و تایبه‌تمه‌ندی ئه‌م جۆره وشانه، كه پێویستایان به زیاكردنی مۆرفیمی ( es ) هه‌یه، نه‌ك مۆرفیمی(s)، ئه‌م جۆره هه‌ڵه‌كردنه‌ش بۆ گریمانه‌ی هه‌ڵه‌ی فێرخوازه‌كان ده‌گه‌ڕێته‌وه.

جۆرێكی تر له‌و هه‌ڵه‌ی گریمانیانه‌ی فێرخوازان دووچاری بوونه‌ته‌وه، بریتییه له بوونی چه‌ند ناوێكی دیاریكراو و ناوێزه له زمانی یه‌كه‌م(ئینگلزی)دا، خراوه‌ته‌ڕوو، وه‌ك:

فێرخوازی زمانی دووه‌م

*114- child + s = childs

*115- man + s = mans

*116 -tooth + e s = toothes

*117-foot + s = foots

به تێگه‌شتن له داتای نموونه‌كانی (114 ، 115 , 116 ،117)ی فێرخوازانی زمانی دووه‌م، ئه‌وه به‌دديده‌كه‌ین فێرخوازان بنه‌مایه‌كی زمانیی و كۆزانیاری و كلتوری و فه‌رهه‌نگی باشیان له زمانی دووه‌مدا نییه، چونكه ئه‌و جۆره هه‌ڵه‌كردنه له داتای ئه‌م نموونانه‌دا به گریمانه‌ی هه‌ڵه‌وه په‌یوه‌سته. له زمانی ئینگلیزیدا ئه‌وه ناوانه گۆڕینیان له تاكه‌وه بۆ كۆ، هیچ پێویستیان به زیادكردنی مۆرفیمی (s) و (es) نییه، به‌ڵكو له كاتی گۆڕینی ئه‌و ناوانه له تاكه‌وه بۆ كۆ ده‌بێت له‌و یاسایانه لابدرێت كه له داتای نموونه‌كانی (96 ، 98،97) و (105، 106، 107)ی ئاخێوه‌ری زمانی یه‌كه‌مدا خرایه‌ڕوو.

پێمان وایه بۆ دووركه‌وتنه‌وه له‌م جۆره هه‌ڵانه پێویسته فێرخوازانی زمانی دووه‌م ڕاهێنانی زۆرتر و وردتر له زمانی دووه‌مدا بكه‌ن وه شاره‌زاییان له زمان و كۆزانیاری و ڕۆشنبیری و فه‌رهه‌نگی زمانی دووه‌مدا فراوانتربكه‌ن.

**4/2) نه‌زانینی یاساكان و به هه‌ڵه به‌كارهێنانیان:**

كاتێك فێرخواز زمانی دووه‌م چه‌ند یاسایه‌كی زمان فێرده‌بێت، (ئه‌وا هه‌وڵده‌دات له هه‌موو شوێنێكدا به‌كاریانبهێنێت، له‌به‌رئه‌وه‌ی زانیاری له‌سه‌ر به‌كارهێنان و مه‌رجه‌كانی به‌كارهێنانیان نییه، به‌ڵكو له

دەرووبەرێك بەكاریدەهێنێت، كە لەگەڵیاندا ناگونجێت)[24]. ئەم كارەش لە ئەنجامی پێوانەی هەڵەوە بەرهەم دێت ، یاخود یاساكان بەبێ تێگەیشتن لەبەردەكات و بەكاریاندەهێنێت، وەكو لە نموونەی ڕستەكانی (118 ، 119 ، 120)ی ئاخێوەری زمانی یەكەمدا ڕاستی و دروستی شوێن و مەرجی پێكەوەهاتنی كەرەستە ڕستە دەبینین، وەك:

واتای ڕستە بە كوردی ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەكەم(ئینگلیزی)

118ب-تۆ پێویستە ئێستا بڕۆیت. 118a- You must go now.

119 ب-ئەو دەتوانێت پلان بۆ هەفتەی داهاتوو دابنێت. 119 a-He could plan for next week.

120ب-ئەو دەتوانێت لە مەلەوانگە مەلە بكات. 120a-He could swim in poo.

فێرخوازانی زمانی دووەم بە پێی ئاستی فێربوون و تێگەشتن و ئەو قۆناغەی كەتێیدان، كاتێك دەیانەوێت نموونەی ڕستەكانی نموونەی ڕستەكانی (118 ، 119 ، 120)ی ئاخێوەری زمانی یەكەم دروستبكەن و بەرهەمیبهێنن، ئەوا داتای نموونەی ڕستەكانی (121 ، 122، 123) بەرهەم دەهێنن، وەك:

ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم

* 121-You must going now.

*122-He could planning for next week.

123-He could swimming in pool.

بە سەرنجدان و وردبوونەوە لەخستنەڕووی داتای نموونەی ڕستەكانی (121 ، 122، 123)ی فێرخوازانی زمانی دووەم، لەسەر بنەمای هەڵەی شیكاری ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، كە فێرخوازان لە ڕۆنانی ڕستەكاندا وەرد و شارەزا و لێهاتوونیین، چونكە لە هەر شوێنێكی ڕستەدا كەرەستەی تایبەتی خۆی هەیە و لەگەڵ ژینگەی كەرەستەكانی تری نێو ڕستەكەدا هەڵسوكەوت دەكات، كەواتە هەڵەی فێرخوازی زمانی دووەم لەو ڕستانەدا بۆ بوونی بەكارهێنانی كاری یاریدەدەری (can) , must دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی هەریەك لەم كارانە لەگەڵ جۆرە كاتێكدا بەكاردێن، كە ئەو كارانە بە تایبەتمەندی خۆیان لە ژینگەی ڕستەدا هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا دەكرێت. لە ڕستەی (121)دا، لە وشەی (going)دا واتای كاتی بەردەوامی دەگەیەنێت و لەگەڵ كاری (must)دا بەكارهاتوون، ئەمەش پێچەوانەی یاسای زمانی ئینگلیزییە، هەروەها لە ڕستەی (122)دا كاری (could) لەگەڵ كاری (planning)، واتای كاری بەردەوامی دەگەنێت، لە یاسای زمانەكەدا ، ڕێگا بە بەكارهێنانی دوو وشەی پێچەوانە و دژبەیەكی (could)و (planning) لەو جۆرە نادرێت. واتە وەكو ڕستەی (123)، كە نیشانەی كاری بەردەوامی(ing) بەكارهاتووە، لە یاسای زمانی ئینگلیزیدا، هەرگیز ئەم نیشانەیە (ing) لەگەڵ (could, can)دا بەكارنایەت، بەواتایەكی تر لە ڕستەیەكدا كاری یاریدەی (could, can) لەگەڵ كاری بەردەوام پێكەوە نایەن.

**5/2) ڕاهێنان و بەكارهێنانی یاسا ڕێزمانییەكان بەشێوەیەكی كەموكوڕی:**

ئەم جۆرە هەڵەیە لەكاتی دروستكردن و پێكهێنانی ڕستەدا دێتەئاراوە، كە فێرخوازی زمانی دووەم بۆ ئەوەی ڕستەیەكی دروست دەربڕێت، بە شێوەیەكی كەموكوڕی دەستكاری یاسا ڕێزمانییەكان دەكات. (ئەم جۆرە هەڵەیە بە شكستی هەوڵدان هەژمار ناكرێت، بەڵكو هەوڵدانێكە بۆ فێربوونی زمانی دووەم)[25]، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە جۆرێكە لە هەڵەی زمانیی، كە ئەنجامی هەوڵدانەكەی فێرخواز بە

کەموکوڕی لە دروستکرن و پێکهێنانی ڕستەدا کۆتایی دێت. با لە نموونەی دروستی داتای ڕستەکانی (124 ، 125 ،126)ی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیز)ی بڕوانیین، وەك:

| ڕستەی ئاخێوەری زمانی یەکەم(ئینگلیزی) | واتای ڕستە بە کوردی |
| --- | --- |
| 124a-Aral is eating the meat. | 124ب- ئاراڵ گۆشت دەخوات. |
| 125a-The man died. | 125ب- پیاوەکە مرد. |
| 126a- You came by car . | 126ب- ئەو بە ئوتومبیل هات. |

فێرخوازانی زمانی دووەم لە داڕشتن و تێگەیشتن و بەرهەم هێنانی نموونەی دروستی داتای ڕستەکانی (124 ، 125 ، 126)ی ئاخێوەری زمانی یەکەم، لادەدەت و ناتوانن ئەو نموونانە بە سەرکەوتووی دروسبکەن، بۆیە لە ئەنجامی ئەو کەم تواناییە داتای نموونەی ڕستەکانی (127 ، 128 ، 129) دادەڕێژن، وەك:

ڕستەی فێرخوازی زمانی دووەم

*127-Aral are eating the meat .

128-They man died.*

129-You came the cars.*

سەرنجدان و شیکردنەوەی داتای نموونەی ڕستەکانی (127 ، 128 ، 129)ی فێرخوازانی زمانی دووەم، ئاماژەن بۆ بوونی هەڵە لە یاسا ڕێزمانییەکان، ئەگەر لەسەر بنەمای هەڵەی شیکاری لە هەڵەکان بڕوانیین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، فێرخوازانی زمانەکە دەسەڵاتیان بەسەر دروستی یاسا ڕێزمانیەکان نە شکاوە و لە ئەنجامدا ڕستەی بە کەموکوڕییان لە یاسای ڕێزمانی زمانەکە بەرهەم هێناوە. بە جۆرێك لە ڕستەی(127)دا نەیان توانیوە لە نێوان(is)ی تاك و (are)ی کۆدا ڕستەکە دروستبکەن، لە ڕستەکەدا بکەری(Aral) ناوێکی تاکە، بۆیە پێوستی بە کاری (is)ی تاك هەیە، نەك(are)ی کۆ. لە ڕستەی(128)دا فێرخوازان لە نێوان نیشانەی ناسراوی (The) تاك و نیشانەی (They)ی کۆدا، جیاوازیان نەکردووە، لە ئەنجامدا ڕستەیەکی بەکەموکڕیان بەرهەم هێناوە، چونکە (man) ناوێکی تاکە و پێویستی بە نیشانەی ناسراوی(The) هەیە، نەك(They). لە ڕستەی(129)دا فێرخوازان ئەو شارەزایی و وردەکارییەیان رەچاونەکردووە، کە نیشانەی ناسراوی(The) لە بڕی ئامرازی پەیوەندی (by)ی بەکارنایەت، کەواتە ئەویش بەشێکە لە کەموکوڕی یاسای ڕێزمانی لە ڕستەکەدا.

کەواتە بەلای ئێمەوە لادان و کەموکوڕی لە یاسای دروستی ڕێزمانی زمانەکە، جۆرێکە لە هەڵەی فێرخوازانی زمانی دووەم، چونکە ڕێزمانی هەر زمانێك بنەمایەکی سەرەکی و گرنگی پێکهاتەی ڕستەیە لە زمانەکەدا.

### 3) ئەو هەڵانەی سەرچاوەکەی بۆ سروشتی زمانی زارەکی دەگەڕێتەوە:

پرۆسەی دەربڕینی زارەکی لە فێربوونی زمانی دووەمدا بە دوو قۆناغی زانیاری تەواودا تێدەپەڕێت، ئەوانیش بریتین لە (نەخشە و جێبەجێکردن)، ئەمەش بە پێی بارودۆخی دەروونی و کەسایەتی و قوتابخانە و کۆمەڵ دەگۆڕێت، هەر قۆناغێك گرفتی خۆی هەیە و لەگەڵ گرفتی قۆناغەکەی تردا جیاوازە، ئەوەی لە فێرخوازدا بەدیدەکرێت لەکاتی ئاخاوتنیدا لەرینەوە و هەژانی دووچاردەبێت و وای لێدەکات ڕابوەستێت و دوبارە ڕستە دروستبکاتەوە، بەمەش لەکاتی گەیاندنی پەیامەکەیدا ئاڵۆزی بۆ دروستدەبێت.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا باس لە فێرخوازی کورد دەکەین، کە فێرخوازی زمانی دووەمە(زمانی ئینگلیز)ی، ئەم فێرخوازانە هێشتان نەگەیشتۆنەتە ئاستێك، تا بتوانن لە ناوەوە و دەرەوەی پۆلدا بە ئاستێکی باش و بە سانایی و بە ڕەوانی ئاخاوتن ئەنجامبدەن، گرنگترین ئەو هەڵە و گرفتانەی لە قۆناغی دەربڕینی زارەکیدا دووچاری فێرخوازانی دووەم دەبێتەوە بریتین لە قۆناغی نەخشەی ئاخاوتن و قۆناغی جێبەجێکردن.

**1/3) قۆناغی یەکەم (نەخشەی ئاخاوتن):**

فێرخوازی زمانی دووەم لە کاتێك لە کاتەکاندا دووچاری وەستان دەبێتەوە، لە (سێ شوێندا بەدەردەکەوێت کە دەکەونە: سەرەتا و نێو پێکهاتەی ڕستە(ناوەڕاست) و لە هەر شوێنێکی پێکهاتەی ڕستەبێت :)[26] .

بە بۆچوونی ئێمە جۆرەکانی ڕاوەستان لە سێ جۆر زیاترە ، هەروەها وردتر و ئاڵۆزترن، کە بریتین لە:

شوێنی یەکەم: لە سەرەتای ڕستەدا:

سەرەتای ڕستە شوێنێکی سروشتییە بۆ نەخشەدانانی چوار چێوەی گشتی ڕستەکە و بۆ ڕوونکردنەوەی پێکهاتەی تەواوی ڕستەکە. بێگومان ڕاوەستان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تری پێکهاتەی ڕستە جیاوازە، (هەڵبەتە ڕاوەستان لەسەرەتای ڕستەدا زیاترە نەك لە پێکهاتەکانی تری ڕستەدا.)[27] . ئاخێوەر بۆ دەربڕینی ڕستە لە سەرەتا و لە دەسپێکدا هەڵوەستەیەك دەکات و دەوەستێت، دواتر وشەیەك دەردەبڕێت. بۆ نموونە وەکو وشەی (she) لە ڕستەی(130)دا :

130-She ……

لەسەر بنەمای هەڵەی شکاریدا لە نموونەی لە ڕستەی(130) فێرخوازی زمانەکە کاتێك وشەی(she)ی بۆ نایەت و ڕاوەستانی بۆ دروستدەکات، ئەوا دواتر بە خێرای هەوڵدەدات بۆ تەواوکردنی وشەی سەرەتای دەستپێکردنی ڕستەکە بۆ ئەوەی ئەو ڕاوەستانە تێپەڕێنێت و ڕستەکە بخاتە سەرباری لۆژیکی و ڕێزمانی خۆی و کۆتایی پێبهێنێت، بۆ ئەم مەبەستە ڕستەی(131) دروستدەکات، وەك:

131a - She is siting. 131ب- ئەو دانیشتووە.

شوێنی دووەم: دەکەوێتە نێوان پێکهاتەکانی ڕستەوە:

شوێنی ئەم ڕاوەستانە دەشێت ڕاستەوخۆی لە دوای بکەری ڕستەکەوە بێت، ئەویش لەکاتی نەخشەکێشانی ڕستەی تەواودا ڕوودەدات، یان لەکاتی بیرکردنەوە لە ڕستەکەدا، یاخود وا پێویستدەکات فێرخواز پەسنکردنێك لە ڕستەکەدا بەکاربهێنێت، بۆنموونە بیرکردنەوە لە هەڵبژاردنی وشەیەکی گەنجاو بۆ ڕستەی (132)، ئایا وشەی (instructor)، یاخود وشەی (teacher) هەڵبژێرێت. لەم پێوەدانگەی هەڵبژاردنەدا، فێرخواز دەبێت بە خێرای بگەڕێتەوە سەر فەرهەنگ و ڕۆشنبیری و کلتوری زمانی دووەم، تا ڕاوستانەکەی دووچاری گرفت و هەڵەی زمانی نەکات، بۆ ئەوەی ڕستەی(133) و (134) دروستبکات، وەك:

132a-This ……… is my father. 132 ب- ئەوە.... باوکی منە.

133a-This instructor is my father 133ب- ئەو مامۆستایە(مامۆستای زانکۆ) باوکی منە.

.

134a-This teacher is my father . 134ب- ئەو مامۆستایە(مامۆستای قوتابخانە) باوکی منە.

شوێنی سێیەم: دەکەوێتە کۆتایی ڕستەوە:

لەم جۆرە ڕاوەستانەدا، فێرخوازی زمانی دووەم لەسەر تەواوکردنی ڕستەیەك زیاتر هەڵوێستەدەكات و ورد دەبێتەوە، چونكە لەسەرەتای دەستپێکردنی ڕستەکەوە بە شێوەیەکی باش توانیوێتی سەرنجی دەورووبەر بۆ گەیاندنی پەیامەکەی ڕابکێشێت و لە گەیاندی واتای تەواو نزیك بووەتەوە، وەکو لە نموونەی ڕستەی(135)دا دەبینین، فێرخواز بۆ هەڵبژاردنی یەکێك لە وشەکانی (Student) و (pupil)دا دووچاری گرفتی خۆیەکلاکردنەوە دەبێت و بە زۆرەملێ و بە ناچاری ڕادەوەستێت، دواتر نموونەی ڕستەکانی (136) و (137) دەخاتەڕوو، وەك:

135a -my brother is …… 135ب- براکەم .... ە

136a- My brother is student. 136ب- براکەم فێرخوازە (فێرخوازی زانکۆ).

137a - My brother is pupil . 137ب-براکەم فێرخوازە(فێرخوازی قوتابخانە).

شوێنی چوارەم: جۆرێکە لە تەکنیك و هونەری ڕاوەستانی فێرخواز:

ئەم جۆرە ڕاوەستانە لە وشەکانی نێو پێکهاتەی ڕستەدا ڕوودەدات، جا فێرخوازی زمانی دووەم لە هەر شوێنێکی ڕستەدا دووچاری گرفت ببێتەوە، ئەوا بۆ ئەم جۆرە ڕاوەستانە پەنا بۆ دۆزینەوەی وشەیەکی گونجاو و پرواتای مەبەستدار دەبات، ئەوەی ئەم جۆرە لە جۆرەکانی تر جیادەکاتەوە بریتییە لە وەستانێکی پێچراوەدا لە دوبارەبووەنەوە، یان چەند بارەبوونەوەی یەك لە دوای یەکدا، فێرخواز مەبەستی لەم وەستانەدا ئەوەیە کات بکوژێت و لە ئاوەزیدا بە شوێن وشەی پێویستدا بگەڕێت، لەلایەکی ترەوە مەبەستێتی دەورووبەرەکەی سەقاڵ بکات و سەرنج نەداتە وەستانەکەی، وەکو لەداتای نموونەی ڕستەکانی (138،139، 140، 141)دا خراوەتەڕوو:

138a- Please please turn on the light. 138ب-تکایە گڵۆپەکە بکوژێنەوە.

139a- I go to to school every day. 139ب-من هەموو ڕۆژێك بۆ قوتانخانە دەچم.

140a- It is a a a book. 140ب-ئەوە کتێبە.

141a -My sister was born in 19 19 80. 141ب-خوشکەکەم لە ساڵی 1980 لە دایك بوو.

لە ڕوانگەی تیۆری شیکاری هەڵەییەوە بە سەرنجدان لە داتای نموونەی ڕستەکانی (138،139، 140، 141)دا ، ئەوەمان لەلا گەڵاڵە دەبێت، کە فێرخوازن دووچاری پەککەوتن و لە بیرچوونەوە، یاخود کەمی وشە و زانیاری لە زمانەکەدا بوونەتەوە، بۆیە بەدوبارەکردنەوەی وشەکان بە دوای هەڵێکدا دەگەڕێن، تا بە پێی ژینگە و بارودۆخی ڕستەکە وشیەکی گونجاو و لەباریان بۆ بدۆزنەوە و بەکاربیهێنن.

لە کۆتایدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە گرفتی نەخشەکێشانی ئاخاوتنی زارەکی لە زمانی دووەمدا بە هۆکاری زمانی و دەروونی و سروشتی بابەتەکەوە بەندە ، یان هەڵوێستی فێرخواز لە نێو قوتابخانە و هاورێکانی، یاخود بەرانبەر بە فێرکار، هەموو ئەم هۆکارانەش بە لاوازی ئاستی فێربوونی زمانی دووەم و کاریگەری فێرخواز بە زمانی یەکەمەوە بەندن، ئەویش بە ڕێگای بەکارهێنانی وشەی وەرگیراو و وەرگێران لە زمانی یەکەمیدا ڕوودەدات.

**(2/3) قۆناغی دووەم (جێبەجێکردن):**

فێرخوازی زمانی دووەم نەخشە و پلانەکانی بە شێوەیەکی ناچلّی جێبەجێدەکات، یان بە گوێرەی ئەو بارودۆخەی تیایەتی بە شیوەیەکی گشتی جێبەجێدەکات، هەڵە بەزۆری لای ئەو کەسانەی ئاخاوتن دەکەن و بێ ئەوەی خۆیان بۆ ئامادەکردبێت ڕوودەدات، بەم جۆرە فێرخواز پاش ئەوەی ئاخاوتنی دەربڕیوە و

هەست بەهەڵە دەکات، پەنا دەباتەبەر چاکردنەوەی هەڵەکان و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵەکان لە وشەکان، یان ڕستەکان چاکدەکاتەوە، بۆ نموونە لە ڕستەی (142)دا:

142a-The sheep is feeding kid. 142ب- مەڕەکە کارەکە شیر دەدات.

فێرخواز پاش تێرامانی لە ڕستەی(142) و ئەو وێنەیەی لە ئاوەزیدایە درك بەوەدەکات، مەبەستی سەرەکی لە بکەری ڕستەکە وشەی (بزن)ە ، نەك (مەڕ)، بۆیە ڕستەکە ڕاستدەکاتەوە و بە شێوەی (143) دادەڕێژێتەوە، وەك:

143a-The goat is feeding its kid. 143ب- بزنەکە کارکە شیر دەدات.

**4) ئەو هەڵانەی لە فێرکارەوە ڕوودەدەن:**

ئەم جۆرە هەڵەیە لە ئەنجامی ڕوونکردنەوەی یاسا ڕێزمانیەکان بە شێوەیەکی هەڵە سەر هەڵدەدات، یان کاتێك پێکهاتەکانی ڕستە بە شێوەیەکی هەڵە لەلایەن فێرکارەوە دەخرێنەڕوو، هەروەها ئەم جۆرە هەڵەیە لە ئەنجامی بەکارهێنانی ڕێگای وانەوتنەوەی هەڵە دێتەکایەوە، بۆنموونە پێویستە فێرکار وانە لەسەر بنەمای هەنگاونان لە ئاستی سادەوە بۆ ئاڵۆز و قورس بنێت، ئەگەر لە کاتی فێربووندا ئەم شێوازە ڕەچاونەکرا، ئەوا هەڵە ڕوودەدت. (یاخود فێرکار ڕەچاوی ڕیزبەندی لۆژیکی بۆ تێگەیشتنی یاسا ڕێزمانییەکانی نەکردووە، یان یاساکانی بەشێوەیەکی دروست نەخستووەتەڕوو، بۆیە هەڵە تێگەیشتن و فێربوون لە فێربوونی زماندا ڕوودەدات)[28] . وەکو لە داتای وەرگێراوی نموونەی ڕستەکانی (144، 145 ،146) دا ئەو هەڵانەمان خستووەتەڕوو.

144a- He told us the news, which she had heard. 144ب- ئەو هەواڵەی پێوتین، کە پێشتر ئەو گوێی لێبوو بوو.

145a -Her brother, who lives in Duhok, Will get married next week .

145ب- براکەی ئەو، لە دهۆك دەژی، هەفتەی داهاتوو ژن دەهێنێت.

146a -The baby is crying, It must be hungry. 146ب- منداڵە دەگری، ئەو دەبێت برسی بێت.

فێرخوازانی زمانی دووەم لە ڕستەکانی (144، 145 ،146)دا دووچاری هەڵە دەبنەوە، ئەویش بە هۆی ئەوەی فێرکارەکەیان پەی بە شێواز و ڕێبازی وانەوەوتنەوە نەبردووە، کە دەبێت لە ڕستەی سادە و ئاسانەوە هەنگاو هەڵبهێنێت، تا دەگاتە ئەو هەنگاوەی فێرخواز توانای تێگەیشتین و فێربوونی لۆژیکی بۆ ئەو جۆرە ڕستە ئاڵۆزانە پەیدا دەکات و بتوانێت دروستیانبکات و بیان درکێنێت. لە قۆناغی سەرتای فێربووندا فێرخواز پێویستی بە ڕستەی لێکدراو و ئاڵۆز و قورس نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە بری ئەو جۆرە ڕستانە پێویستە بە شێوەی ڕستەکانی (146، 147 ، 148)هەیە، چونکە ئەم جۆرە ڕستانە لە ڕووی پێکهاتەی ڕستەییەوە سادە و کورتن، فێرخواز باشتر دەسەڵاتی تێگەیشتن و فێربوونیان بە سەریدا دەشکێت، وەکو ئەم ڕستانە:

147a- I go by feet. 147ب-بە پا دەڕۆم.

148a-He never married. 148ب-ئەو هەرگیز هاوسەرگیری نەکرووە.

149a-She was nine years old. 149ب-ئەو تەمەنی نۆ ساڵە.

**ئەنجام**

1- هەڵەی ڕێزمانی فێرخوازی زمانی دووەم، لەسەر بنەمای شیکاری هەڵەیی، لە ئەنجامی پەیرەوکردنی پێوانەی یاسای پێشوتر و لەسەر یاسای ڕۆیشتوو و گریمانەی هەڵەوە بەرهەم دێت.

2 - لە شیکاری هەڵەیی درك بەوەدەکەین، لە پرۆسەی فێربوونی زمانی دووەمدا هەڵەی فێربوونی فێرخواز بەردەوامی هەیە و کۆتایی نایەت.

3- بەشێکی هەڵەی فێرخوازی زمانی دووەم، بۆ کاریگەری زمانی یەکەم لەسەر زمانی دووەم دەگەڕێتەوە.

4- هەندێك لە هەڵەکانی فێرخوازی زمانی دووەم، پەیوەستە بە نەبوونی زانیاری و شارەزایی فەرهەنگی و کلتوی لە زمانی دووەمدا.

5- بەشێك لە هەڵەی زارەکی فێرخوازی زمانی دووەم لەسەر بنەمای جۆرەکانی ڕاوەستان دروستدەبێت.

**پەراوێزەکان:**

1 . Moskowitz, G. (1978: 54)

2. محمد اسماعیل صینی وإسحاق محمد أمین) 1982: 63)

3. -محمد اسماعیل صینی وإسحاق محمد أمین (1982: 63)

4. Murice van overback (1976 :138)

5. Murice van overback (1976: 138)

6. Scovel (1969 :61)

7. George sanders (1987: 139)

8. Tough, J. (1985: 49)

9. George sanders (1987 -135)

10. ئاواز حەمە صدیق بە گیخانی (1996: 53).

11. نیشانەی ناڕێزمانییە

12. محمد اسماعیل صینی وإسحاق محمد أمین) 1982: 63)

13. Maurice van overbackel (1976:.107)

14. Gergesanders (1987 :137)

15. موسی الشامی ( 1988: 67)

16. George sanders (1987: 135 )

17. (N. Brooks (1975: 49

18. George sanders (1987: 135 )

19. ® ئەم نیشانەیە بۆ واتای ناتەواوی، یاخود کەموکوڕی لە واتا ی وشە، یان ڕستە بەکاریدەهێنین، لەو سۆنگەیەوە، کە لە زمانی ئینگلیزدا واتای گەڕانەوە دەگەیەنێت.

20- لە زمانی کوردیدا وشەی (مەڕ) واتایەکی فراوانتری لە وشەی (بزن) هەیە، چونکە لە ناو کۆمەڵدا وشەی (مەڕ) بۆ زۆر نموونە و نەکتە و تەنانەت لە نرخ پێدانش لە(بزن) باوترە، با بڕواتیینە ئەم نموونانە:

أ- ماستی مەڕ هەیە.

ب- فلانەکەس مەڕە.

پ- 1 مەڕ + 1= ؟

ت- پارەی دنیات هەبێت، مەڕێك ناهێنێت.

لە ڕستەی (أ)دا بەشێکی زۆر لە دوکاندار و فرشگاکان، ڕستەی(أ) بە پێش شوێنەکەیاوە هەڵدەواسن، کەواتە نرخ و بەهای ماستی مەڕ زیاتر لە بزن دەردەخات؟

لە ڕستەی(ب)دا، مەبست لە هێمنی و لەسەر خۆی و بێدەنگی ئەو مرۆڤەیە، کە پێچەوانەی (بزن)ە ، ئاژەڵێکی هاروهاجە.

لە ڕستەی(پ)دا، لە وانەی بیرکاریدا مامۆستای بابەت زۆر بەی جار ئەم نموونەیە بۆ فێرخوازانی قۆناغی سەرەتایی دەهێنێتەوە، چونکە ئاژەڵی مەڕ زیاتر لە پەند و چیرۆکی کوردی و بە تایبەت چیرۆکی منداڵاندا بوونی هەیە و پێی ئاشنان.

لە ڕستەی(ت)دا، نرخی (پارە)، یان (دراوی) جیهان بەرانبەر بە نرخی (مەڕ) هیچ نرخێکی نییە.

21. علی تعوينات (1997: 212)
22. محمد اسماعيل صينى وإسحاق محمد أمين) 1982: 100)
23. White, L. (2003 :91)
24 محمد اسماعيل صينى وإسحاق محمد أمين) 1982: 101)
25. C. Kramsch, (1993: 121)
26. داود عبده (1984 : 44)
27. داود عبده ( 1984، 44)
28. دوجلاس براون (1994: 219)

**References**


1. Awaz H. Bagixani(1996) The order of syntactic elements in Kurdish language, MA thesis, college of arts, Salahadin university
2. Ali Tawynat(1997) Challenges of learning among and year Amazghi Student and Arab students. PhD this is Algeria University .
3. Dawed Abdea(1984),Studies in Psychophysiology, Kuwait University, University Press .
4. Douglas Brown,(1994) Principles of Language Learning and Teaching, T,Dr Abdda Al-Rajaay and Ali .A Shaban, Beirut.
5. Mohamad Ismail Chinese and Isaac Mohamad Amin (1982) , the case study of Tammam Hassan ,Converging linguistic and error analysis, King Saud University Riyadth KSA .
6. Musa Al-Shami (1988), Linguistic Practical applied- To Where? Journal Moroccan, education language.
7. Scovel, T. (1969) Foreign accents, Language acquisition, and cerebral dominance1. Language learning.
8. Moskowitz, G. (1978). Caring and sharing in the foreign language class. Rowley, Mass.: Newbury House.
9. C. Kramsch, (1993) Context and culture in language teaching (Oxford: Oxford University Press
10. N. Brooks, (1975), The analysis of foreign and familiar cultures, in R. Lafayette (Ed.), The culture revolution in foreign language teaching (Skokie, Illinois: National Textbook Company .

11. White, L. (2003). On the nature of inter language representation: Universal grammar in the second language. In C. J. Doughty & M. H. Long (eds), The handbook of second language acquisition. Oxford: Blackwell.
12. Cliffs,NJ:Prentice-(Eds.), Learner Strategies in Language Learning .Englewood Hall.
13. Tough, J. (1985). Talk Two: Children Using English as a Second Language. London: Onyx Press.
14. George sanders (1987)http://fr.wikipedia.org/wiki/Psychologie_cognitive/Fervrier 2010
15. Maurice van overbanked (1976) http://www.er.uqam.ca

# الأخطاء اللغوية في تعلم اللغة الثانية (من منظور نظرية تحليل الأخطاء)

**پ.ی.د. شاخەوان جەلال حاجی فەرەج**
زانكۆی سلێمانی
كۆلیژی زمان

**م. آسو عبدالرحمن كريم**
جامعة كركوك
كلية التربية التربية

**خلاصة البحث**

قد يواجه المتعلم مشكلات عديدة عند تعلم اللغة الثانية، لذلك نقف على اتجاه تحليل الأخطاء اللغوية عند متعلمى اللغة الثانية الذين لغتهم الأولى اللغة الكردية ، فمتعلم اللغة الثانية في بداية تعلمه يشعر بالأخطاء التي يرتكبها في هذه اللغة؛ لكنه لايدرك نوع الأخطاء والتغيرات التي تحدث في هذه اللغة. وعند عملية تعلم اللغة الثانية يتبين لمتعلمي المراحل الجامعية ولاسيما في قسم اللغة الانكليزية الأخطاء النحوية والصرفية والدلالية والمعجمية وكذلك أخطاء التعبيرية لهذه اللغة على الاساس خبراتهم السابقة ؛ و المصدر الأساسي لهذه الأخطاء يعود إلى اللغة الأولى أي: ( لغة الأم)، وكذلك إلى طبيعة هذه اللغة عند متعلم اللغة الثانية.

**الكلمات المفتاحية:** الأخطاء اللغوية، اللغة الثانية، نظرية تحليل الاخطاء

**نبذة عن الباحثين**

**پ.ی.د. شاخەوان جەلال حاجی فەرەج**
**كۆلیژی زمان – زانكۆی سلێمانی**
**Email:**shakhawan.faraj@univsul.edu.iq

**م. آسو عبدالرحمن كريم**
**كلية التربية التربية – جامعة كركوك**
**Email:** asobabany98@gmail.com